4

# خــارخــار*

خارخار شارێکی کۆنی کوردستانە کە ئاشورییەکان لە هەزاری یەکەمی پێش زاین ناویان بردبوو. واش دەردەکەوێت کە دەکەوتە بەشەکانی سەرووی ڕووباری سیروان.



خارخار لە نەخشێکی هەڵکەندراوی ئاشوریدا

ناوی خارخار **Harhar** تەنها لە هەزاری یەکەمی پێش زایندا دەبیسترێت. ئەوەش واتای ئەوە نییە کە شارەکە پێشتر وجودی نەبووبێت بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا کەوتبووە دەستی پادشایانی وڵاتی دووڕووبار (لێرەدا :ئاشورییەکان) کە زانیارییەکانمان لەبارەی کوردستانی کۆنەوە بەزۆری لەڕێگەی ئەوانەوە بەدەست کەوتوون.

لە هەزاری سێیەمی پێش زایندا ناوی کارخار **Karhar** (یان کاراخار **Karahar** ، گانخار **Ganhar**) هاتووەو یەکێ بووە لەو شارانەی لەلایەن پادشای بەتوانای بنەماڵەی سێیەمی (ئور)ی سومەری ؛ شولگی (2094–2047 پ.ز.) پەلاماری دابوون[1].

هەندێك (خارخار)ی هەزاری یەکەمی پێش زاینو (کارخار)ی هەزاری سێیەمیان بە یەك شوێن زانیوە ئەویش لەو ڕووەوە کە ناوی هەردوو شارەکە ل یەکەوە نزیکن، هەروەها لەو ڕووەشەوە کە مەوقعی جوگرافیی دوو شارەکە لە یەك شوێن دەچێت[2]، بەڵام وای بۆ دەچین دوو شارەکە دوو شاری جیا بن. یەکێکیش لەو شوێنانەی بۆ کارخاری کۆنتر دەستنیشانیان دەکەین شوێنێك بێت لە نزیك (کەلار)ی ئێستاو ناوی کەلار لەوەوە هاتبێت، بەدووریشی دەزانین خارخاری هەزاری یەکەم ئەوەندە لە وڵاتی بابلەوە نزیك بووبێتو بەم پێیە بۆچوونە کۆنەکە لەبارەی شوێنی خارخارەوە، واتە لە سەرچاوەکانی ڕووباری سیروانو باکووری ڕۆژئاوای کارخار، بە بۆچوونێك پەسەندتر دەزانین.



وێنەی لە نەخشەکەدا خارخار بەبێ کەسەکان

بۆ یەکەم جار ناوی خارخار لە تۆمارەکاندا ببیستین لە کاتی پادشای ئاشوری شەلمانەصەری سێیەمدا بوو، ئەویش لە ساڵی (24)ـەمی

* ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (1045)، 1989/1/26، ل 9، لێرەدا زانیاریی دیکەم بۆ زیادکردووە بەتایبەت لە بابەتێکی (دیاکۆنۆف)ـەوە (هی ساڵی 1991).

[1] بڕوانە باسی بابەتی (وردە فیرعەونەکانی...) لە: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم.

[2] بڕوانە مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم ، ل 33-34.

حوکمیدا کە دەکاتە ساڵی 834 پێش زاین. لە کاتی ئەو پادشایە ئاشورییەکان توانییان بچنە ناوچە دوورترو ڕۆژهەڵاتیترەکانی کوردستان. بەهۆی ئەو سەرکەوتنە نوێیانەشەوە ناوی نوێتر هاتنە باسکردن کە پادشایانی پێشووی ئاشور ناویان نەبردبوون.

لەو ساڵەدا پادشای ئاشور لە ناوچەی نامری **Namri** (ناوچەی زەهاو و دەوروبەری) بۆ پارسوا **Parsuā** ڕۆیشتو بەوتەی خۆی 27 پادشای پارسوا دیارییان بۆ هێنا، لەوێشەوە ڕوویکردە وڵاتەکانی میسسی **Missi** و مادەکان، دوایش بۆ ناوچەکانی ئارازیاش **Araziaš** و خارخار دابەزی. شارەکانی ئێسامول **Esamul**، تارزانابی(؟) **Tarzanabi(?)**، کواکیندا **Kuakinda**، کینابلیلا **Kinablila** نزیک بەم شوێنانەشی گرتوسووتاندنی و((جەنگاوەرکانیانی کۆشت))، وێنەیەکی خۆیشی لە وڵاتی خارخاردا دانا[3].

لە کاتی ئاداد–نیراریی سێیەمی ئاشوریشدا (810–783 پ.ز) هێزو توانای ئاشور لە جاران کەمتر بووەوەودیارە خەڵکی ماد، هەروەها خەڵکی ڕۆژئاوای ماد، ئەمەیان بە دەرفەت زانیبوو بۆیە کەوتبوونە جووڵە. ناوی خارخاریش لە کاتی ئەو پادشایەدا لە ناو لیستێکی شوێنە گیراوەکاندا هاتووە(کە دەبێت هی ساڵی 802 بێت[4]): ئێلليپی **Ellipi**، ئارازیاش، مێسو **Messu**، مادای **Madāi**، گیزیلبوندا **Gizilbunda**،ماننا...[5]، واتە لە باشوور تا باکووری سەر بە ئێران. بەم پێیە خارخار پێشتر لە دەستی ئاشورییەکان دەرچووبوو و دواتر گیرایەوە. ناوی خارخار لەوە بەدواو تا کاتی سارگۆنی دووەمی ئاشور(721– 705 پ.ز) لە تۆمارە ئاشورییەکاندا دەکوژێتەوە[6].

بەم جۆرە نزیکەی حەفتا ساڵ تێدەپەڕن پێش ئەوەی سارگۆن بتوانێت دەسەڵاتی ئاشوری بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە. هێزی ئاشور لەو ماوەی مابەینەدا بەرەو کزی دەچوو، تەنانەت کاتی تیگلات پلاسەری سێیەمیش (745–727پ.ز) کە ئەم دەوڵەتی ئاشوریی بووژاندەوەو یەکێك لە کارەکانی بریتی بوو لە شەڕکردن دژی دراوسێکانی خارخار وەك مادەکان ناوی خارخار نابیستین.

تیگلات پلاصەر باس لە سەرکەوتنی بەسەر راماتێیا **Ramateia** پادشای ئارازیـ... **Arazi...** و هەڵهاتنی ئەمیان دەکات[7] کە ڕەنگە هەر (ئارازیاش)ی دراوسێی خارخار بووبێت.

بۆچی پادشای ناوبراو ناوی خارخار ناهێنێت هەرچەندە دەبێت خارخار لەچاو زۆر شوێن لە وڵاتی مادەکاندا لە ئاشورەوە نزیکتر بوو؟ چەند تەفسیرێك بۆ ئەمە هەیە: یان ئەوەیە پادشا خارخاری گرتبوو بەڵام نووسراوی سەر بە گرتنیمان بەدەست نەکەوتووەو یان ئەوەیە شارەکە لە کۆنەوە لە ژێر دەستی ئاشورییەکاندا مابێتەوە، کە ئەمە دوورە، لەکاتێکدا ئیحتمالی سێیەم ئەوەیە پادشا نەیتوانیوە شارەکە بگرێت.

زانیارییەکانمان لەبارەی خارخارەوە لە سەردەمی سارگۆنی دووەمدا زۆرترن. لە ساڵی شەشەمی ئەو پادشایەدا (716 پ.ز) خەڵکی خارخار کیبابا **Kibaba** ناویك کە فەرمانڕەوایان بوو دەردەپەڕێنن‌وپەیمان لەگەڵ تالتا (یاخود دالتا) **T/Daltâ** پادشای وڵاتی ئێلليپی **Ellipi** دەبەستن‌ودەیانەوێت بچنە ژێر فەرمانی. وڵاتی ئێلليپی کەوتبووە باشووری خارخار واتە ناوچەی کرماشان. سارگۆن خارخار دەگرێت وخەڵکی ناوچەی بەزێندراوی تر دەباتە ئەوێو فەرمانبەرێکی خۆی دەکاتە فەرمانڕەوای شارەکە، چەند ناوچەیەکی دەوروبەریش بە خارخارەوە دەلکێنێت‌ودەیانخاتە ژێر فەرمانی ئەو فەرمانڕەوایە. جگە لەمەش‌وبە وتەی سارگۆن سەرانە لە (28) فەرمانڕەوای ((مادە بەهێزەکان))

---

[3] ARAB, 1, S 581.
[4] I. M. Diakonoff, The Cities of the Medes, Scripta Hierosolymitana, Publication of the Hebrew of Jerusalem, vol. XXXIII, 1991, p.15.
[5] RLA, 4, S.120.
[6] Ibid.
[7] ARAB, 1, S 768.

وەردەگرێت[8].هەر وەك وڵات وشاری تریش سارگۆن ناوی خارخاری گۆڕیو کردی بە کار– شارروکین‌و وێنەیەکی خۆی لە شارەکە دانا[9]، وشەی (کار)یش واتای عەمبار یاخود شۆستەی قەراغ، بەندەر... دەدات. فەرمانبەرەکەشی کە ناویماننو-کی-نینوا **Mannu-kī-ninuā** بوو چەند نامەیەکەی دۆزراوەتەوە.[10]

سارگۆن لە هەمان نووسراوداو وەك وتمان دەڵێت چەند ناوچەیەکی خستە ژێر فەرمانی فەرمانڕەوای نوێی خارخار ئەوانیش : جۆگەی سەرووی وڵاتی ئارازێشو **Arazêšu**، جۆگەی خوارووی بیت راماتوا **Bît-Ramatua**، وڵاتەکانی ئوریکاتو **Urikatu**، سیکریس **Sikris**، شاپاردا **Šaparda**، ئوریاککو **Uriakku**[11](لە نووسینی تردا: ئوریاککی).

سارگۆن لە نووسراوێکی تریدا دەڵێت کە بۆ خۆی کیبابا فەرمانڕەوای خارخاری گرت[12]. لە میانەی باسەکاندا دیارە ئەمەی دەیڵێت ساڵی دوای ڕووداوەکانی سەرەوە بوو، واتە ساڵی حەوتەمی حوکمی سارگۆن.

سارگۆن لە ساڵی حەوتەمیدا (715پ.ز) شاری خارخاری قایمتر کرد[13] ئەویش پاش ڕاپەڕینێکی شارەکە. بەپێی (دیاکۆنۆف)کردنی خارخار بە ویلایەتێکی ئاشوری وای لە خەڵکەکەی کردبوو یەکسەر ڕاپەڕن‌و خەڵکەکە وایان چاوەڕێ کردبوو ئاشورییەکان بۆ وڵاتانی تر ڕایانبگوێزن‌و خەڵکی وڵاتانی تر بۆ خارخار بهێنن. شۆڕشەکە بۆ بیت خامبان **Bīt-Hambān** و نامار **Namar** تەشەنەی کرد بەڵام سەرکوت کراو خەڵکێکی زۆر ڕاگوێزران. سارگۆنیش شاری خارخاری قایمتر کرد.[14]

سەنحاریب کوڕی سارگۆن لە لەشکرکەشیی دووەمیدا (702 پ.ز) دژ بە کاششییەکان‌و یاسوبیگاللییەکان **Iasubigalli** شەڕی کرد، کە ئەمانە نزیك وڵاتی ئێللیپی بوون. پادشا دوای ئەوە بەرەو ئیشپابارا **Išpabara**[15]، پادشای ئەو کاتەی ئێللیپی ڕۆشت. سەنحاریب شاری زۆر لە وڵاتی ئیسپابارا ی گرت‌وشاری ئێلێنزاش **Elenzaš** ی کردە پایتەختی وڵاتەکەو ناوی گۆڕی بۆ کار-سین-ئاخێ-ئێریبا (کار-سەنحاریب)و خەڵکی بەزێندراوی شوێنی تری تێدا نیشتەجێ کردو لەگەڵ شاری تردا خستیە ژێر فەرمانی خارخار[16].

یەکێك لەو شارانە شاری صیصیرتو **ṣi-ṣi-ir-tu** بوو کە دواتر لە کاتی ئەسەرحەدونی کوڕی یەکێك بوو لە شارەکانی وڵاتی ئێللیپیو دیسانەوە درا بە خارخار. ناوی شارەکەش لە فاڵێکدا هەیە کە تێیدا هاتووە کە هێرشێکی موحتەمەل لەسەر دەکرێت لە باشوورو ڕۆژهەڵاتەوە. ئەم فاڵە ڕێکە لەگەڵ وێنەی گشتیی هەڵوەشانی کۆنترۆڵی ئاشورییەکان لە زاگرۆس کاتی ئەسەرحەدون[17].

دیاکۆنۆف دەڵێت کە دیارە لەکاتی سەنحاریبدا ویلایەتی خارخارو ویلایەتی کیشێسسو **Kišessu** کرابوونە بەشی بچووکترو ئەمە لە دەقەکانی کوڕی ئەو، واتە ئەسەرحەدون‌و کوڕی ئەمیان واتە ئاشور بانیپال دەزانرێت. کیشێسسو کرایە کیشێسسو خۆی لەگەڵ مادای، خارخاریش جیاکرایەوە بۆ خارخار خۆی لەگەڵ ساپاردا **Saparda** و بیت کاری

---

[8] ARAB, 2, S 11.
[9] Ibid

شارروکین واتە سارگۆن. ناوی وەك سارگۆن، تیگلات پلاصەر،... لە سەرچاوە عیبرییەکاندا هاتوون ئەگینا ناوەکان بە شێوەیەکی ترن.

[10] Diakonoff, The Cities.., p.17.
[11] ARAB, 2, S 11.
[12] ARAB, 2, S 57.
[13] RLA, 4, S.120.
[14] Diakonoff, The Cities.., p.17.

[15] بەبڕوامان ئەم ناوە وشەی (ئیسپا، ئەسپا،..) واتە (ئەسپ)ی تێدایە.

[16] ARAB, 2, S237+ A.Heidel, The octagonal Sennacherib Prism in the Iraqi Museum, Sumer, 9, 1953, p. 129.
[17] RLA, 4, S.120.

**Bīt-Kāri** که ئەمیان (هەر بەپێی دیاکۆنۆف) ڕەنگە کار-کاششی **Kār-Kaššî** بێت.[18] (دیاکۆنۆف) بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە لەو ناوچانەدا کە لە وڵاتی مادەکان و لەتکرابوون و جیاکرابوونەوە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ئاشوورییەکان لەدەرەوەی شارە شوورەدراوەکاندا لەق بوو و خەڵکی گوندەکان وەلائیان بۆ ئاغاکانی ناوچەکانیان هەبوو. شۆڕشی ئەوانەش بوو (خشەثریتا **Xšαθrita** یان کاشتاریتو **Kaštaritu** لە کار-کاششی، ڤاهمیاتارشی **Vahmyataršі*** یان مامیتیارشو **Mamitiaršu** لە مادای، دوسانني **Dusanni** لە ساپاردا)[19] کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی حەوتەمی پێش زاین (کۆتایی 670 کان) بووە هۆی هەرەسی دەسەڵاتی ئاشوری لە مادداو پادشانشینی مادی لەلایەن (خشاثریتا) یاخود فرائۆرتێس **Phraortēs**[20] ـەوە دامەزراند.[21]

ناوی خارخار دوای ماوەی حوکمی ئەسەرحەدون (680-669 پ.ز)، کوڕی سەنحاریب، لە نووسراوەکاندا نامێنێت[22].

دەقێکیشم کەوتۆتە بەرچاو کە ناوی خارخاری تێدایەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خارخار هەڕەشەیەکی جیددی بوو بۆ دەسەڵاتی ئاشور لەو ناوچانەدا. دەقەکە لەسەر زاری خوداوەند ئاشور وتراوەو وەڵامی پرسپێکردنێکە لەلایەن پادشاوە :

«ئەوەتان خەڵکی خارخار کە پیلانیان دژی تۆ گێڕاو دژی تۆ جووڵان‌ودەورەی تۆیان دا، تۆ دەمت کردەوەو پێت وتم: لێت دەپاڕێمەوە (ئەی ئاشور)، منیش سکاڵاکەی تۆم لە ڕێگەی دەرگا گەورەکەی ئاسمانەکانەوە بیست. من ئاگرم لە کڵهنەکەی خۆم بوو. دەمەوێت دوژمنەکانت بسووتێنم و بیانکەمە خۆراکی ئاگر. تۆ لەناوەڕاستیاندا دەوەستی و من لەبەردەمت لایان دەبەم و وایان لێ دەکەم بەرەو کێوەکان ڕابکەن‌وتەرزە بەسەریاندا دەبارێنم» .[23]

هەرچەندە دەوڵەتی ئاشور لە کاتی ئەسەرحەدون‌وبەشی گەورەی ماوەی ئاشوربانیپالی کوڕیدا گەیشتبووە ئەوپەڕی ڕادەی فراوانبوونی بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبووەوەو مادەکان لە جاران بەهێزتر ببوون.

ئەسەرحەدون پەیمانێك لەگەڵ راماتێیای شاری ئوراکازابارنا **Urakazabarna**ی میدی دەبەستێت‌ونووسینێکی زۆر دوورودرێژ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات. ئەم پەیمانەش بەو مەبەستە بەسترا کە راماتێیا کۆمەکی ئاشوربانیپالی کوڕی ئەسەرحەدون بکات ئەگەر هەر کەسێك لە بنەماڵەی ئاشوری تەماع لە تەختی‌وڵات بکات‌ودژ بە ئاشوربانیپال هەڵسێت.

ئەسەرحەدون خۆی لەبەردەم پەیمانێکی دوژمنانە بینییەوە کە لە نێوان (مامی‌تیارشو)ی مادو

---

[18] **Diakonoff, The Cities.., p.17.**

[19] ناوی (کاشتاریتو)و (مامیتیارشو) لە دەقی ئاشوریدا هاتوون، ئاشوورییەکان (هەموو میللەتێکی تریش هەروا) ناوە بێگانەکانیان بەو شێوەیە دەوت‌و دەنووسییەوە کە بۆ زمانی خۆیان ئاسانە. (کاشتاریتو) گەڕینراوەتەوە بۆ ئەسڵەکەی واتە (**خشاثریتا**) کە ناوێکی وا لای مادەکاندا هەبووە. ناوی (مامیتیارشو)ش گەڕێنراوەتەوە بۆ (ڤاهمیاتارشی). هەبوونی ئەستێرە لەبەردەم ناوەکەش واتای ئەوەیە (ڤاهمیاتارشی) ناوێکی گریمانەییەو پێدەچێت مامیتیارشو لە ئەسڵدا ناوێکی وا بووبێت.

[20] (فرائۆرتێس) شێوەی یۆنانیی (**خشاثریتا**)یە.

[21] **Diakonoff, The Cities.., p.17.**

[22] **RLA, 4, S.121.**

ئەم زانیارییە بەم جۆرە لەو سەرچاوەیەدا هاتووە، بەڵام بڕوانە قسەکەی سەرەوەی دیاکۆنۆف سەبارەت بە بچووککردنەوەی سنوورەکانی خارخار.

[23] **د. عبدالرضا الطعان، الفكر السياسي في العراق القديم، دار الرشيد، بغداد**، 1981، ل 475-476. نووسەر نەیوتووە دەقەکە هی چ پادشایەکە. ئەم پەنابردنەش بۆ خوداوەندەکان پیشەی بەردەوامی پادشایانی ئاشور بوو.

ماننایيەكان و(كاشتاريت)ی كار-كاشَشی Karkašši و ساپاردا Saparda(شاپاردای سەرەوە)و كيميرييەكان[24]-كەلە باشووری ڕووسياوە داباريبوون – بەسترابوو.

لە نۆ ساڵی دوايەمينی حوكمی ئاشوربانيپالدا (كە لە نێوان 668بۆ631 پ.ز حوكمی كردبوو) ساڵنامە ئاشوورييەكان چيتر ڕووداوەكان تۆمار ناكەن ولەمەوە ديارە ئاشوورييەكان لە شكستێكی بەردەوامدا بوون. لە ساڵی (612پ.ز)يشدا مادەكان توانييان بە هاوكاريی بابلييەكان شاری (نينوا)ی پايتەخت بگرن. وەنەبێت تەنها لەو كاتەوە بەسەرهاتەكانی خارخار بە نەزانراوی ماونەتەوە بەڵكو هەر وەكو وتمان زوو پێش ئەوەو لە دوای ماوەی فەرمانڕەوايی ئەسەرحەدونەوە ناوی خارخار نابيستين.ئەوەمان وت كە خارخار لە بەشی سەرووی ڕوباری سيرواندا بوو. وێنەی خارخاريش كە لە پايتەختی نوێی سارگۆندا، واتە دوور– شارروكين، دۆزرابووەوە ئەوە دەردەخات شارەكە كەوتبووە سەر قەراغی ڕوبارێك. ئەو ڕوبارەش بە سيروان يان يەكێك لە لقەكانی زانراوە.

(بيللەربێك) دەستنيشانكردنێكی شوێنی خارخار بەم جۆرە دەخاتە ڕوو: لە بەشی سەرووی ديالە (شيرڤان Schirvan –ديارە مەبەستی سيروانە– ياخود گابەروود Gabe Rud) ، نزيك ئەو شوێنەی ناوی (دێروود) تێكەڵ بە ڕوبارەكە دەبێت يان شتێك خوارتر، بەتەقريبی نزيك گوندی حەجاج[25] (مەبەستی لە گوندی هەجيجە؟). ئەمە تا چەند ڕاستە؟ بەبڕوامان هيچ بەڵگەيەك نييە پشتگيری لەم دەستنيشانكردنە وردە بكات. بيللەربێك ژمارەيەك هەڵەی لە دەستنيشانكردنی شوێن كۆنەكان كردووە بۆيە مرۆڤ ناتوانێت پشت بەم ڕايەی ببەستێت. لەلايەكی ترەوە ئەو بۆچوونە هەيە (بەهۆی ميلەكەی سارگۆن لە نەجەفەد ئاباد Nağafehābād) كە خارخار لەسەر ڕێگە گەورەكەی خوراسان بوو لە ڕۆژئاوای ئەو خاڵەی ڕێگاكە دەچێتە ميديا لە ناوچەی نزيكی بێستوون[26].

وەك تێبينييەكيش گوندی (خوڕخوڕە) لە نزيك سنەدا هەيەو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم زياد لە يەك گوند هەيە بە ناوی (خوڕخوڕە). بە هەر حاڵ لەيەكچوونی ناوەكان هەموو كاتێك پشتی پێوە نابەسترێت.

نازانرێت خەڵكی خارخار سەر بە چ ڕەگەزێك بوون ؛ ئايا وەكو مادەكان هيندۆ ئەورووپی زمان بوون يان وەكو زۆر لە گەلانی تری ئەو كاتەی كوردستان لە ڕەگەزی پێش هيندۆ ئەورووپی بوون وبەتايبەتی خووری كە لە زۆر بەشی كوردستاندا دەژيان؟ بەڵام لەوە ناچێت خوورييەكان گەشتبێتنە ئەو ناوچەيە كە زۆر باشوورترە لە وڵاتەكەيان.

دياكۆنۆف لەبارەی نووسراوەكەی ئاداد-نيراريی سێيەمەوە (ئەوەی لەسەرەوە باسكرا) سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەكێشێت كە خارخار بەجيا لە وڵاتی مادەكان باسكراوە، دەشڵێت كە خارخارو ئارازياش وڵاتی سنووری بوون و كەوتبوونە نێوان مادەكان (بەواتای تايبەتی مادەكان)و خەڵكە كۆنترەكانی زاگرۆس كە لەوانەيە سەر بە گوتی يان خووری يان هەندێك هۆزی نائێرانيی تر بووبن.[27] بەواتايەكی تر خارخار نە بەشێك بووە لە وڵاتانی گەلانی كۆنتری كوردستان (گوتييەكان، خوورييەكان، لوللووييەكان..)و نە بەشێك بووە لە وڵاتی ئەو گەلانەی دواتر هاتبوون و كە زياتر گەلانی هێندوئەورووپايی زمان بوون و زياتر ميدی بوون.

ئەمە وەكو وڵات بەڵام وەكو دانيشتوان ديار نييە خەڵكی خارخار سەر بە چ گەلێك بوون. دەستنيشانكردنی شوێنی شارەكەش ڕەنگە بتوانێت لەم بوارەدا يارمەتيمان بدات. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت كە شارەكە كەوتبووە سەرچاوەكانی ڕوباری سيروان ئەو كاتە تێكەڵەيەك لەو شارەدا دەژيا كە بريتی بووە لەو گەلانەی لەو شوێنە نزيك بوون

[24] M. Streck, S.320.
[25] Suleimania , S.63.
[26] RLA, 4, S.121.

زانياريم نييە لەسەر ئەو ميلەی سارگۆن.

[27] Diakonoff, The Cities.., p.15.

وەك مادەكـان كـە لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەژیـان، لوللوییـەكان لـە ڕۆژئـاواو بـاكوور، گوتییـەكان لـە ڕۆژئـاواو باشـوور، ڕەنگـە كاشییەكانیش لە باشوور. وەكو یارمەتییەكی تریش ناوی شارەكەو فەرمانڕەواكە هەیە.

ناوی خارخارو كیبابا لەو جۆرە ناوانە دەچن كە زیاد لە هەزار ساڵ پێش ئەو ڕۆژگارەی تێیدا ئاشوورییەكان نـاوی خارخاریان هێنابوو لە عیراق‌ودەوروبەریدا فەوتابوون. پێكهاتی ئەو ناوانە بریتییە لە دوو بڕگەی لەیەكچوو یان سێ بڕگە كە دوانیان لەیەك دەچن. ناوی (خار ـــ خار)و (كی ـــ با ـــ با) بەو شێوەیە پێكهاتوون. ئەو جۆرە ناوانەشە (گێلب) سەر بە ڕەگەزێكی نەزانراوی زمانی زانیون‌وبە پێی دەڵێت زمانی مۆز **Banana**[28].

دیاكۆنۆف پاش موناقەشەیەكی ئەو زانیارییانەی لە تەوراتدا هاتوون سەبارەت بە شەڕی ئاشوورییەكان لە فەلەستین‌و سووریاو ئەو ڕاگواستنەی ئاشوورییەكان كردیان لەو ناوچانەو ناوچەكانی تر، بردنی ئەوان بۆ ڕۆژهەڵات‌و هێنانی خەڵكی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوێ، دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە لە خارخاردا ئەمانە دەژیان: خەڵكی ئێرانی زمان، گوتی، ئاشوری، ئارامی، جوولەكە، ڕەنگە هەروەها لوویەكان **Luwians**.[29] ئارامییەكان‌و جوولەكە لە سووریاو فەلەستین ڕاگوێزران، لەبەر ئەوەی ڕاگواستن لە (كاركامیش)ی سووریا ڕوویدا بوو لەوانەیە خەڵكی لووی بۆ خارخار برابن.

دیاكۆنۆف واشی بۆ دەچێت كە تەعبیری (شارەكانی مادەكان)ی تەورات بریتی بووبێت لە خارخارو شارە دراوسێكانی.[30] ئەوەش كاتی شەلمانەصەری پێنجەمی ئاشوری بوو[31] (726-722پ.ز). ئەو دراوسێیانەش هەر بەپێی ئەو بریتی بوون لە : كیشێسسو (دواتریش هەروەها مادای‌و ڕەنگە هەروەها كار-كاششی) لە ڕۆژهەڵات‌و باكوور، ئێللیپی لە ڕۆژهەڵاتی باشوور، ڕەنگە دوو ویلایەتی سەر بە ئاشور (بیت خامبان)و (پارسوا) لە ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای باشوور. ئەمەش خارخار دەخاتە شوێنێك لە ڕۆژئاوای هێڵی هەمەدان-كرماشان، پاشان دەڵێت كە لەوانەیە سەر بەو ناوچانە بێت كە دواتر پێیان دەوترا مادی سووری **Syromedia** (لەلایەن پتلیموسەوە **Ptolemy VI, 2.6**)، ئەوەش بە ئەكیدی لەبەر ئەوەی بەشێك لە خەڵكەكەی سامی بوون.[32]

---

[28] بڕوانە بابەتی خامازی لە كتێبی یەكەمدا بۆ باسی ئەو كۆمەڵە زمانە گرینگانەییە.

[29] **Diakonoff, The Cities.., p.19.**

[30] وا لە (پادشایانی دووەم) باس كراوە: شەلمانەسەر(...) سامیرەی گرت‌و خەڵكی ئیسرائیلی بۆ ئاشور برد و لە حالەح و گۆزان ئەوبەری ڕووباری حابۆر و لە شارەكانی مادای نیشتەجێی كردن. پادشایان دووەم، 605/17. حالەح Ḥālaḥ خالاخو **Halahhu**ی سەرچاوەی ئاشورییە، گۆزان **Gōzān** لەو سەرچاوانەدا گوزانا **Guzāna** یە، حابۆر Ḥābōr ڕووباری خابووری فوراتە. بەڵام ئەم دەقە لای دیاكۆنۆف (ل13) بەم جۆرەیە: ((... ئەوانی نیشەجێ كرد لە حالەح‌و لەسەر حابۆر، ڕووباری گۆزان‌و لە شارەكانی مادەكان)). ئیتر ئایا ئەمە جیاوازیی وەرگێڕانە یان هەڵە كراوە؟

[31] **Diakonoff, The Cities.., p.13.**

[32] **Diakonoff, The Cities.., p.18.**